# راگەیاندنی مردار.. راگەیاندنی دەسەڵاتی یەکەم..
# هەنگاوی ئێستا لە پێشەوەچوون لەپێناو گەڕانەوە

Nusînî Shîrwan Xidir

لە دنیای رۆژهەڵاتدا، داپلۆسین وەك بەرهەمێكی هەزار ساڵە، بگرە هەزاران ساڵەی بەجێماوی ئەم كیشوەرە لە تەشەنەو بەردەوامبووندایە، بەپێی سەردەمەكان گۆڕانی بەسەرداهاتووەو، لە كۆی كۆتاییەكاندا هەر هەمان ئەو داپلۆسینەیە كە مرۆڤێكی بەر لە چەند سەدەیەك پێش ئێستا بەدەستییەوە نالاندووە. راگەیاندنیش (دەسەلاتی چوارەم)، كەوتۆتە بەر هەمان شالاوی داپلۆساندن لەلایەن سیستەمو دامو دەزگا ئەمنیو داب و نەریتە جۆراوجۆرەكانی نەتەوەكانی ئەم ناوچەیە.

لێرەدا ئەوەی مەبەستمە دەمەوێ بەتایبەتی هەڵوەستەیەك لەسەر راگەیاندنی عەرەبی بكەم، چونكە دونیای دوای سەدام حوسێنو سیستەمەكەی، رووگەیەكی نوێی لە جیهان هێنایە پێشەوە، رۆڵی راگەیاندنی عەرەبیش لەم لایەنەوە باس لە ئاژاوەی عێراقو نەهامەتییەكانی گەلی عێراقو بەرەنگاربوونەوەی داگیركەر دەكاتەوە.

سەیرەكە لەوەدایە داپلۆسێنەری دوێنی بۆتە شۆڕشگێڕی ئەمڕۆ، شۆڕشگێڕی دوێنێ بۆتە خیانەتكاری سبەی. ئەمە لە دیدی راگەیاندنە عەرەبییەكانەوە كە رای گشتی عەرەبیو ناوچەكە پێ فرچك دەدەنو، سەرچاوەی هەواڵەكان بە ئاراستەیەكی خەتەرناك دەچێتە پێشەوە.

چەواشەكردنی راستییەكان لە سێگۆشەی سوننەی عێراقیدا

كاتێك هەواڵێكی پێكدادانو رووداوەكانی نێوان ئەمریكاییەكانو دەستەو تاقمە كۆنو رووخێندراوەكەی دەسەڵاتی پێشووی عێراقی لە كەناڵە عەرەبییەكان دەبیستین بەتایبەتی لە كەناڵی ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبیە، ئەوە یەكسەر تووشی سەرسوڕمانێك دێین، كە ئەو پێكدادانە لە ئەنجامی ئەو بەرەنگاربوونەوەیە بەرامبەر بە داگیركەرو هەروەها وروژاندنی هەستی مرۆڤی عێراقییە لەلایەك، لەلایەكی تریشەوە رای گشتی عەرەبی.

ئەو هەواڵانەی كە لە عێراقەوە بە دنیای عەرەبی پیشان دەدرێن لە رێگای ئەو كەناڵانەی ناومان بردن وروژاندنی شەپۆلێكی چەواشەكارە لەپێناو خزمەتكردنی ئەو سیستەمو دەزگایانەی كە ئەمڕۆ لە دنیای عەرەبیدا بەڕێوە دەچێ، هەروەها ئەو رۆژنامەنووسانەی كە هەواڵەكان دەگوازنەوە لە چوارچێوەیەكی فیكری، سیاسی، ئیسلامی سیاسی، دەمامكدراوەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە.

لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین كە رۆژنامەنووس لە گەیاندنی ئەو هەواڵو رووداوانەی كە لە ناوچەیەك روودەدەن دەبێ وەك رۆژنامەنووس كارو چالاكییەكانی خۆیان ئەنجام بدەن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕەپانەكە دەیبینین باكگراوندێكی خەتارناكی ئەو فیكرەیە، كە خۆی لە خۆیدا رۆژنامەنووسی عەرەبی دەمبەستكراوو فرچكدراوە. ئەمەش راستییەكە كۆتایی رووداوەكان بە خزمەتی ئەو دەسەڵاتە دەگەڕێتەوە كە لە بەندو دەستووریدا رێگا نادات بە دەسەڵاتی چوارەم باس لە

پیرۆزییەکانی گەل‌و دەسەڵات‌و، ئابڕووچوون‌و ریسواییەکانی ئەم سەرۆك یان ئەو سەرۆك بدات، کۆی دەسەڵاتە عەرەبییەکان بە شێوازی جۆربەجۆرەوە لەسەر ئەوە هاوتەبا و هاوکۆکن، لە بەرامبەر دنیای رۆژنامەنووسی. ئەم فیکرو پیرۆزیی‌و پاراستنی دەسەڵاتە وایکردووە ئەوە بەڕوونی بەدی بکەین لە گەیاندنی ئەو هەواڵانەی کە لە سێگۆشەی سوننەی عێراقیدا روودەدەن، کە پێم وایە لە کۆتاییدا جۆرێکە لە جۆرەکانی دژایەتی کردنی رۆژئاوا، بەڵام لەسەر حیسابی خەڵکی عێراقەوە بە کوردو عەرەب‌و نەتەوەکانی تر.

لە دوای نەشونماکردنی رووداوەکانی عێراق راپرسی بەرامبەر بە کورد

وەکو گوتم دوای ئەو فرچکدانەی مرۆڤی عەرەبی لەلایەن باکگراوندی فیکری تایبەتی راگەیاندنەکان لە پیشاندان. ئێستا ئەم راگەیاندنانە خەریکی تەڵەدانانەوەو وروژاندنی کێشەی کوردە بە جۆرێکی تر لە گۆڕەپانی عێراقی. کە رۆژانە لەم دوو کەناڵە ناوبراوە جارێك بە راپرسی عەرەبی، جارێك بە کێشەی تورکمان‌و کورد، جارێك بە جوگرافیاوە، کە ئەم بێئاگاییەی کورد لە ئاست ئەم وروژاندنانە دەبێتە کارەساتێکی تری بوونی کوردی لە ناوچەکە. ئەمەش خۆی لە خۆیدا وروژاندنی هەستی مرۆڤی عەرەبییە لە دنیای عەرەبیدا، چونکە بمانەوێ یان نەماوێ مرۆڤی عەرەبی لە وڵاتانی عەرەبیدا لە دەرەوەی رووداوەکان سەیری گۆڕەپانی عێراقی دەکەن. هەروەها ئەو داخران‌و داپلۆسینەی راگەیاندنە عەرەبییەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە وا دەکات مرۆڤی عەرەبی تووشی رووبەڕووبوونەوەیەکی دەروونی ببێتەوە لە بەرامبەر گۆڕەپانی عێراقیدا.

لەلایەکی تریشەوە هەر بەهەمان شێوە لە بەرامبەر مرۆڤی عەرەبی عێراقیدا ئەم حاڵەتە دروست دەبێ، کە وروژاندنی هەستی نەتەوەیی عەرەبییە لە ئێستای عێراقدا دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمە تاریکەکانی عێراق لە کاتی حوکمی سەدام حوسێن.

راگەیاندنە عەرەبییەکان کە بەپێی ئەو شەپۆلە فیکرییە عەرەبییە شۆڤێنییە بەڕێوەدەچێ بەهەمان فیکری بەڕێوەبردنی سیستەمی تورکی بەرامبەر بە کورد بەڕێوەدەچێ. ئەم بیرکردنەوەیە لە دەرەنجامی کۆنینەی دەسەڵاتی ئەو فیکرەوە دێ کە بەسەر کورددا مۆڵە دراوە. لێرەدا نابێ ئەوە لەبیربکەین، راگەیاندنی عەرەبی کە ئەو فیکرە واژوو دەکات، ئەوا لە ناوەخنی کارو چالاکییەکانی خۆیدا لە بەرامبەر دیاردەو رووداوەکانی ئەم فیکرەوە بە هەمان شێوەی سیستەمی داپلۆسینی فیکری تورکی ئازاد نییە، کەواتە ئەو ئازادییەی ئەوان چەپڵەی بۆ لێدەدەن تەنها ئاراستەکردنی ئەو فیکرەیە کە لە کۆتاییدا بە قازانجی ئەو فیکرە دەشکێتەوە.

دژبوونی راگەیاندن لە بەرامبەر فیکری رۆژئاوا

ئەمڕۆ لە دنیای عەرەبیدا دوای ئەوەی تەکنیك‌و تەکنەلۆژیای گەیشتە ترۆپك، دەبینین چەواشەکارییەکی دێتە پێشەوە لە فیکری عەرەبی شۆڤێنی‌و هەروەها لە فیکری ئیسلامی سیاسی، ئەویش رەتکردنەوەی ئەو ئازادی‌و دیموکراسییە کە رۆژئاوا لە دووتوێی سیستەمەکانی

خۆیدا لە دەرەنجامی فیکرو فەلسەفەدا بەرهەمیهێناوە. ئەم رەتکردنەوەیە لە شێوازی جۆربەجۆردا خۆی دەبینێتەوە: لە تیرۆر، لە راگەیاندن، لە شێوەی دەسەلات.....هتد. ئەوەی لێرەدا خزمەت بەلایەنی ئەم عەقڵی دەسەلاتە دەکات راگەیاندنەکانە. دوای ئەوەی ئەو تەکنیکە گەیشتە ترۆپکو بە دنیادا بڵاوبۆوە، کە ئێستا کوردیش لەو بەرهەمە تازە پشکدارە. ئەم دژایەتی کردنەی فیکری رۆژئاوا لە رێگەی ئەو کەناڵانەی سەتەلایتەوە بۆ ناخی مرۆڤی عەرەبی داخراو، هەڵچوونێکی تیرۆریستانەی لێدەکەوێتەوە، کە لە کۆتاییدا بە خۆ تەقاندنەوەی مرۆڤی عەرەبی ئیمزا دەکرێت. ئەمەش کاردانەوەی خراپی بەسەر مرۆڤی رۆژئاوا دروست دەبێ، واتە لێرەدا دابڕاندنی دوو دنیای جیاواز لە یەکتر، دونیایەك بە گەشەکردنو تێڕوانین بۆ ئایندەی ئابووری‌و دەستەمۆکردنی پڕ گیرفانی‌و، پاراستنی بوونی مرۆڤ لە رۆژئاواو بوونی فیکر لە بەڕێوەبردنی سیستەمدا. دونیایەکەی تریش مانەوەو بەرگری کردن لەو هەستو سۆزە پێشینینەی کە لە دەسەلاتە جۆراوجۆرەکاندا بۆی بەجێماوە. بۆ بەخزمەت گەیاندنی ئەو فیکرەی کە پێچکەکانی کورسی دەسەلات توندو تۆڵتر دەکات.

دوای سەرهەڵدانی ئەو راگەیاندنە کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی دەسەلاتە عەرەبییەکانەوە بەڕێوەدەچێ. مەبەستم ئەوەیە کە راستەوخۆ دەسەلات کاری بۆ ناکات لە بەڕێوەبردندا، بەڵکە لە پشت پەردەوە ئامادەگی خۆی هەیە. ئەوە دەبینین رێژەی خۆ تەقاندنەوەو وروژاندنی ئەو فیکرە ئامادەیی خۆی هەیە. کەواتە ئەو راگەیاندنانە بوونەتە بڵندگۆی ئەو مەرامانەی کە دەسەلاتێك لە پشتییەوە ئامادەگی هەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو ئازادی‌و دیموکراسی بوونەی لە راگەیاندنی رۆژئاواو لەلایەن مرۆڤی رۆژئاواوە کە دەستبەری کردووە. هەربۆیەش دەبینین رووبەڕووبوونەکانی نێوان ئەم دوو دنیایە روو لە تەشەنەو ئاڵۆزی زیاتردایە.

راگەیاندنی کوردی لە بەردەم قەیرانەکاندا

رۆژنامەوانی کوردی بەهەمان ئەو شێوەیەی کە رۆژنامەوانی عەرەبی بەدەستییەوە دەناڵێنێ لە دەرەنجامیدا هەمان ئەو دەسەلاتە بەڕێوەی دەبات، بەلام بەشێوەیەکی تر دەسەلاتی کوردی لە پشتییەوە ئامادەیە. ئەو دەسەلاتەی کە لە پشت راگەیاندنەوەیە، راگەیاندن دەمبەست دەکات ئەوەیە: حزب، پیرۆزییەکان،......هتد. دوای ئەوەی خودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەماندا کارتێکی سووری لەبەردەم ئەو ئازادی راگەیاندنە پیشاندا، کە ئەو ئازادییە سنووردارە دەبێ پیرۆزییەکان بپارێزرێن. ئەمە خۆی لە خۆیدا هەمان ئەو کارەساتەیە کە سەرۆکە عەرەبییەکان کارتی سوور بە راگەیاندنی عەرەبی پیشان دەدەن. کەواتە کوردیش لە بەرامبەر ئەو ئازادییە هەمان بیرکردنەوەی هەیە، کە سەرەنجام بوونی کوردیش وەك بوونی عەرەبو تورکو... دەمبەستکراوو دیلکراوە.

لێرەدا چۆن دەکرێ بوونی کوردیو هەواڵی کوردیو راستییەکانی کوردی لە گۆڕەپانی عێراق پیشاندەین لە کاتێکدا چەند تەوژمێکی راگەیاند دژ بە بوونی کوردەوە هەیە؟ ئایا رۆژنامەوانی کورد دەتوانێ لەو ئاستەدا بێتە گۆ کاتێك لە مینبەرێکی عەرەبیدا سەودا بە بوونی کورد دەکرێ؟ ئایا ئەو زمانەی کە بۆ راگەیاندنی کوردی ئاراستەی تێدا دەکرێ ئایا بیرکردنەوەی کوردی چەند تێدا خەملێندراوە؟ ئایا لەبەردەم ریفراندۆمێکی کوردی راگەیاندنی کوردی چەند دەتوانێ ئەو روو بخاتەڕوو لەبەردەم ئەوەی کە ئەمڕۆ راگەیاندنی عەرەبی ریفراندۆم دەبەنە دەرەوەی جوگرافیای کوردی؟ ئایا لە عێراقێکی ئەمڕۆی بێ دەستووورو لاوازو، پڕ ئاژاوەدا، کورد وەك بوونێك چەند هەست بە گەورەیی خۆی دەکات. راگەیاندنی کوردی چەند ئەمەی لەبەردەم ئەم گۆڕەپانەدا نمایش کردووە؟ ئایا راگەیاندنی کوردی چەند توانیویەتی رای گشتی کوردی بوروژێنێ لە هاتنی ئەگەری تورکیا بۆ عێراق؟

لە ئەنجامی ئەم پرسیارگەلەوە بوونێکی سادەی کوردی دەبینین، ئەویش نەبوونی یەك زمانی بیرکردنەوەیە لەبەردەم ئەو قەیرانانەی کە ئەمڕۆ زیاتر لە پێویست پێویستمان بە بیرکردنەوەیەکی ئاگایی کوردی هەیە بەرامبەر ئەو واقیعەی کە روودەدەن.

راگەیاندنی کوردی لەو کاتەدا ئەو بوونەی لە نێو جەماوەری کوردیو ناوچەکەدا خۆی نادۆزێتەوە. لەبەرنەبوونی ئەو زمانە پێگەیشتووەی کە کورد ئەمڕۆ خواستیەتی وەك پێویستییەك بوونی دەربخا. زمانێك رەهەندە فیکرییەکانی بە ئاشکراو بێ ئەوەی دەمامکی خواستراوو دروشمی بەسەرەوە زاڵ بێ دەربخات لە بەرامبەر فیکریو عەرەبیو رای گشتی ناوچەکە.

کەواتە لێرەدا رۆشنبیری کوردی تا چ ئاستێك بوونی کوردی لە هەنووکەدا دەردەخات گەر بێتو ئا بەم شێوەیە زمانێکی ئیفلیجی لە بەکارهێناندا هەبێت بەرامبەر بە رای گشتیو ئاگایی کوردیو بوونی کوردی لە رۆژهەڵات بەگشتیو عێراق بەتایبەتی. ئەم رۆژە لە بەرنامەیەکی ئەلجەزیرەدا بە چاوی خۆمان بینیمانو گوێ بیستی بووین کە یەکێك لە رۆشنبیرە عەرەبییە عێراقییەکان بە ناوی (سەلیم مەتەر) چۆن بیرکردنەوەی شێواند بوو بەرامبەر بە رای گشتی عەرەبی کە لە کاتێکدا هەر لە خودی بەرنامەی (الاتجاه المعاکس) راپرسییەك هەبوو لەسەر رۆڵی کورد لە ئایندەی عێراقدا کە ئاخۆ رۆڵی ئیجابی دەبینێ یان رۆڵی نێگەتیڤ، کە لە سەرەتا ٪90 ی دەنگدەرانی عەرەبی بەشداریان تێدا کرد لە کۆتاییشدا بە ٪51 کۆتایی هات. هۆی ئەمەش وەکو گوتم نەبوونی ئەو زمانەیە بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی کوردی لە دنیای دەرەوەی خۆیدا دەربخات. بۆ نموونە ئەوەی کە لە بەرامبەر (سەلیم مەتەر)دا رووبەڕوو کرابۆوە، هەروەها ئەو کوردانەی کە تەلەفۆنیان بۆ ئەو بەرنامەیە دەکرد، ئەو کات هەستت بەوە دەکرد، کە ئەو پرسیارگەلەی هێنامانە پێشەوە کورد لە ئاستی هێنانەی کایەی وەڵامی ئەو پرسیارانەو، رۆڵی بینینی راگەیاندنی کوردی

لە چ حاڵێکی شپرزەییدایە لە بەرامبەر ئەو کردەو چالاکییانەی کە ڕۆژنامەوانی عەرەبی بەڕێوەی دەبەن‌و، چۆن دنیای داخراوی مرۆڤی عەرەبی فرچك دەدات.

کەواتە لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێین کە هەرچەندی ئەو سەردەمە بەرەو پێشەوە بچێت. هەرچەندی کات لە ڕۆژهەڵاتدا بۆ قازانجی ئەو بیرە دەستەمۆ بکرێت. ئەوا ڕاگەیاندن بە هەمان شێوە لە دنیای ڕۆژهەڵات لە دایك نەبووە، مرۆڤەکان هەر لەو سەردەمانە (بوون) گوزەر دەکەن، کە لە چوونە پێشەوەبوونی بۆ دواوەیە لەپێناو چەسپاندنی ئەو بیرەی کە دەسەڵاتی یەکەم ڕەهای کردووە.

ڕاگەیاندن وەك زمان، وەك نەتەوە، وەك بوونی مرۆڤەکان دەمبەست‌و دیلە، پێش ئەوەی لە دایك بووبێت بە بیری ئەوان، بە پێناو بوون‌و قوربانی ئەوان، خزمەتی پیرۆزییەکان، مردارە!